# حەماس، ئیسلامی سیاسیی و هەڵبژاردن

**کاوە ئەمین**



kawaamin@passagen.se

بە ساڵانە، دروشمی ڕێکخراوی حەماسی فەلەستینی، هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی ئیسرایل و دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینییە و دەیان جار هێرشی خۆکوژییان کردۆتە سەر داودەستگا مەدەنی و سەربازییەکانی ئیسرایل. هەڵبەت حەماس ماوەی یەک ساڵە هیچ هێرشێکی خۆکوژیی نەکردۆتە سەر ئیسرایل.

ئەمەریکا، یەکیەتی ئەوروپا و ئیسرایل،(حەماس)یان وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەقەڵەم داوە، ئەگەر بەو پێوانەیەی ئەوان بێت دەبێت بەشێکی گەورەی فەلستینییەکان کە دەنگیان بە حەماس داوە، تیرۆریستبن، بە ژن و منداڵیشەوە. سەرکەوتنی حەماس بەو شێوە چاوەڕواننەکراوە، دەرگای زیاتر بۆ ئەو ڕێکخراوە لە نێو فەلەستینییەکاندا دەکاتەوە، کە بە شێکی زۆریان وەکو تاکە ئەڵتەرناتیف بۆ وەدەرنانی ئیسرایل لە ناوچە داگیرکراوەکاندا، چاوی لێدەکەن. زۆربەی چاودێران هەڵبژاردنەکە وەک هەڵبژاردنێکی دیموکراتی و بێفرت و فێڵ و عادیلانە، هەڵدەسنگێنن.

یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەی کە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی فەلستین دەنگی خۆیان بدەن بە حەماس، ئەو گەندەڵییە ئیداریی و ئابووریی و سیاسییەیە کە لەسەردەمی عەرەفاتەوە دەستی پێکردووە و ئێستا گەیشتۆتە ئاستێکی بڵند، ئەمەش خەڵکی فەلەستینی تورە و نائومێد کردووە، هەروەها دەبێت ئەوەش بوترێت کە حەماس بە هۆی کارە خێریی و خزمەتگوزاریی و هاوکاری هەژاران لە گەلێک بواری تەندروستی و پەروەردە و هتد... پێگەیەکی کۆمەڵیەتی گرنگیان لە نێو خەڵکی هەژاری فەلەستینیدا داناوە. حەماس لە دوو باڵی سەربازیی و مەدەنی پێکهاتووە، کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، دەیان کاری خزمەتگوزاریی گەورەیان کردووە کە تەنانەت ئەمەریکا و ئیسرایلیش ناتوانن چاوپۆشی لێبکەن. ئەمە سەرەرایی ئەوەی کە گفتوگۆکانی ئاشتی وەکو پێویست بەرەوپێش ناچن و ناوچەکە لە نائارامیدایە.

لە ئێستاوە ئەوروپا و ئەمەریکا، هەڕەشەکانی خۆیان بۆ سەر حەماس توند کردووە و بە ئاشکرا دەڵێن: ئەگەر حەماس واز لە خەباتی چەکداری نەهێنێت و دەستبەرداری ئەو دروشمەی کە دەڵێن "دەبێت ئیسرایل هەڵوەشێتەوە و لە ناو بچێت" نەبێت، هەموو هاوکارییەکانیان بۆ فەلەستین دەوەستێنن، بۆیە حەماس

کەوتۆتە سەر دووریانێک، بەو شێوە و قەوارە و دروشمانەی ئێستایەوە ناتوانێت وەکو جاران بمێنێتەوە و کارە سیاسییەکانی خۆی پەرە پێبدات، بەبێ ئەوەی حساب بۆ دنیای دەرەوە نەکات. جێگای سەرنجە کە ئیسلامییەکان لە ئێران، میسر، لوبنان، سعودییە و عێراق و تەنانەت لە کوردستانیش بەرەو پێش دەچن و ئیسلامی سیاسی بە پێچەوانەی ئەوانەی چاوەڕوانیان دەکرد بە هاتنی ئەمەریکا بۆ ناوچەکە توشی شەلەل دەبن، تا بێت ڕکێفی دەستەڵاتیان بەرفراوانتر دەبێت، لەهەندێک شوێن بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیی بۆنمونە ئیخوان موسلمین لە میسر و حیزبوللە لە لوبنان و یەکگرتوو لە کوردستان. وەک دەبینین لە هەندێک لەو وڵاتانە بە کوردستانیشەوە گەندەڵی کۆمەڵگای داوەشاندووە. بۆیە دەکرێت سەرکەوتنی ئیسلامییەکان بە حەماسیشەوە، وەک پەرچەکردارێک سەیر بکەین، هەروەک بینیمان ئەم سیناریۆیانە لە تورکیا و جەزائیریش دووبارە بوونەوە، ئەمە سەرەڕایی ئەوەی کە ئیسلام وەک ئاینێک ڕەگوریشەی خۆی لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، داکوتاوە. سەرکەوتنی حەماس تاقیکردنەوەیەکی گرنگە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست، بە تایبەتی کە بە شێوەیەکی دیموکراتیانە بردیانەوە و ڕێکخراوی فەتحیش کە دەیان ساڵە ئیدارەی فەلەستینیان لە دەستدایە، ئامادەیی خۆیان نیشان داوە کە دەستەڵات تەسلیمی براوە واتە حەماس بکەن. لەم ڕووە فەلەستینییەکان هەنگاوێک لە پێش کوردەوەن، دەکرێت وەکو ئەزمونێک کەڵکی لێوەربگیرێت.

ڕەنگە ئەم سەرکەوتنەی حەماس بە پێچەوانەوە دەرگا بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی لە نێوان فەلەستین و ئیسرایلدا بکاتەوە و حەماس دوا خشتی دەوڵەتی فەلەستین دابنێت و گەلێک بە ئازادی یەکجارەکی خۆی بگات، لە کۆڵکردنەوەی کێشەی فەلەستین بە ئاشتی دەبێتە هۆی رەوینەوەی ئەو تەم و مژەی کە دەیان ساڵە باڵی بەسەر کێشەی کورددا کێشاوە و شاردوویەتییەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی کورددایە. دوور نییە ئەمەریکا و ئەوروپا لە ئایندەیەکی نزیکدا، دەست بخەنە نێو دەستی حەماسەوە، هەروەک چۆن لەگەڵ عەرەفات کردییان. هەرچۆنێک بێت تا دێت ئیسلامییەکان بەهێز دەبن و دەستەڵاتداران ناتوانن بەو فۆرم و دەموچاوەی ئێستایانەوە پێشیان پێبگرن.